# بارودۆخی سیاسی ئێستای عێراقوبۆچوونی کۆمەڵێك شیکاری سیاسی*

و: محەمەدی مشیر
Muhammad_mushir@yahoo.com

کۆمەڵێك لە شیکارانی سیاسی ئەگەری بەرەو رووبونەوەی راستەوخۆ لەنێوان تەوەری (ئێرانی–سووری)و دەوڵەتە عەرەبییە میانڕەوەکان لەعێراقدا بەدوور نازانن, لەمبارەیەوە مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی بەغدا, حوسێن ئەلحافز, دەڵێ: "لەم بارودۆخەدا نیشانەکانی بەرەو رووبوونەوەی راستەوخۆ لە نێوان تەوەری (ئێرانی–سووری) لەلایەك‌و دەوڵەتە عەرەبییە میانڕەوەکان لەلایەکی تردا لەئارادایە, پاش ئەوەی رووبەڕبوونەوەکە بەوەکالەت ئەنجام دەدرا.. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خەریکە درك بە کاریگەری تەوەری (ئێرانی–سووری) بکات لە عێراقداو, لە هەمان کاتیشدا درك بە هەستیاری لە رادەبەدەری وڵاتە عەرەبییە میانڕەوەکانی وەکو سعودیەومیسرو ئوردن دەکات لەبەرامبەر ئەمەدا" ئەلحافز لە درێژەی قسەکاندا دەڵێت: "ئەو دەوڵەتە عەرەبییە میانڕەوانە هێشتاکە لەلایەن ئەمریکاوە پشتیوانیان لێدەکرێ, هەر بۆیە سەرۆکی ئەمریکا بۆ دیداری لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی عێراق (ئوردن)ی هەڵبژارد, چونکە شوێنیش ئاماژەی خۆی هەیە.. دیدارەکە دوای ئەوەهات کە دیموکراتەکان لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن‌و هەندێ هەواڵیش لە راپۆرتی (لیژنەکەی جیمس بیکەر) بڵاوبوونەوە لەبارەی پاشەکشەی ئەمریکا لە عێراق‌و بەرەنجامەکانی ئەم پاکشەیە لەو گۆڕانکارییە رادیکاڵییانەی ناوچەکە بەخۆیەوە دەیبینێ, بۆیە دیدارەکە مەبەستی دڵنیاکردنەوەی (مالیکی) بوو, بەوەی کە واشنتۆن نیازی نییە هێزەکانی بکێشێتەوە تاکو ئاسایش بەرقەرار نەبێت لە عێراقدا"..

لە وەڵامی یەکێ لەو پرسیارانەی ئاراستە کراوە, ئەلحافز دەڵێت: "ئەمە نەك تەنها قۆناغێکی نوێیە, بەڵکو فرە مەترسیدارو ئاڵۆزیشە کە لایەنەکان هاندەدات چاو بە دارو نەداریاندا بخشێننەوە چونکە، رووبەڕبوونەوەکە خەریکە ئێستا ببێتە راستەوخۆ نەك لە رێگەی لایەنە عێراقییەکانەوە بێت".

لەلایەکی تردا (نەواف عوبێد) بەڕێوەبەری پرۆژەی هەڵسەنگاندنی ئاسایشی نەتەوەیی سعودیە, چوارشەممەی رابردوو ئاماژەی بەوە کردووە کە "سعودیە لە عێراقدا دێتەگۆ تاکو سوننە بپارێزێ لە کاتێکدا ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا پاشەکشە بکەن", عوبێد بە رۆژنامەی "واشنتۆن پۆست"ی راگەیاندووە کە "یارمەتیدانی سەرکردە سەربازییە سوننەکانی عێراق لە رووی دارایی‌و لۆجستی‌و مادییەوە, وەك ئەو یارمەتیانەی ئێران ساڵانێکە بۆ گروپە چەکدارە شیعەکان دابینیان دەکات, یەکێکە لەو ئەگەرانەی لەبەردەستدایە" ئەوەش یەکێکە لەو هۆکارانەی (حوسێن ئەلحافز) مەترسی لێیان هەیە, هەر بۆیە دەڵێت: "لایەنەکان وردە وردە کۆنترۆڵ لە دەست دەدەن لەپێناو بەرژەوەندی هەندێ دەوڵەتی دراوسێداو, کوشتار خەریکە گەشە دەکات‌و هیچ شتێك لە ئاسۆدا نییە ئاماژە بە باشتربوونی دۆخی ئاسایش‌و پێگەیشتنی سیاسی هەردوو تایفەکە بکات لە عێراقدا"..

لە کۆتایی قسەکانیدا ئەلحافز دەڵێت:" دۆخەکە لە دەرفەتی نێوان هەردوو دیدارەکەی بۆش‌و مالیکیدا خراپتربوو, بە جۆرێك خەریکە دەگەینە ئەوەی کە دەزگاکانی راگەیاندن لە عێراقدا ناوی لێدەنێن "شەڕی ناوەخۆ".

پسپۆڕێك لە کاروباری عێراقدا, کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت، لەمبارەیەوە راگەیاندووە کە: "بوونی ئەمریکا ناوبڕێکە لە نێوان هێزە ناوچییە دراوسێکاندا، بەڵام لەگەڵ نزیکبوونەوەی پاشەکشەی بەرەبەرەی هێزەکانی ئەمریکا یان دووبارە بڵاوکردنەوەیاندا, ئەوا ئەو هێزانە خۆیان رووبەڕووی یەکتر دەبیننەوە لە عێراقدا..".

شایانی باسه (مالیکی) له دوا دیداریدا لەگەڵ بوش جەختیکردەوە کە هێزەکانی ئاسایشی عێراق لە نیوەی ساڵی داهاتوودا ئامادە دەبن دۆسێی ئاسایش بگرنە ئەستۆ, ئەمەش ڕێگا بۆ ئەمریکییەکان خۆش دەکات کە بەرە بەرە هێزەکانیان سوککەنەوە.. پسپۆڕی ناوبراو لە دوو توێی قسەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە "کێشمەکێشمی نێوان لایەنەکان تادێ توندوتیژتر دەبێ و ماوەی بەر لە دەسپێکی پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکاش پەراوێزێکیان بۆ دەڕەخسێنێ تاکو پێگەی خۆیان پتەوتر بکەنو.. شیعەو کورد هەوڵدەدەن دەستکەوتەکان جێگیرو زێتر بکەن (وەك ئاماژەیەك بۆ فیدراڵییەت) کەچی عەرەبی سوننە هەوڵدەدەن پێگەی هاوبەشێکی پتەو دەستەبەر بکەن نەك تەنها پابەندبن بە پرۆسەی سیاسی بێئەوەی بەرهەمەکەی دروێنە بکەن.. لەوانەشە ناکۆکییەکان زێتر هەڵاوسێن ئەگەر پێگەیەکی باشتر نەدرێتە عەرەبە سوننەکان"..

لەلایەکی دیکەدا (نەبیل محەمەد یونس) لە سەنتەری لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکاندا لەبارەی دۆخی ئێستای عێراق دەڵێت: "حکومەتی عێراق بەو پێکهاتەیەی ئێستای ناتوانێت بەرەو رووی گرفتو کێشە ئەمنییەکان ببێتەوە, چونکە ناکۆکییەکان لەبارەی بەڕێوەبردنی کاروباری عێراق لە نێوان واشەنتۆن و حکومەتی بەغدا بەرێنومایییە ئەمریکییەکان چارەسەر ناکرێن و کێشەکە بە گۆڕینی حکومەت کۆتایی نایەت بەڵکو بە گۆڕینی پێکهاتەکەی دەگاتە ئەنجام, بۆیە دەبێ حکومەتێك لەسەر بنەما نیشتمانییەکان پێکبهێنرێت نەك لەسەر بنەمای بەشبەشێنەی تایفەیی.. پێویستە حکومەت ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی نیشتمانی بێت نەك بەرژەوەندی تایفە یان ئیتنیك یاخود حزب".

..............................................................................

* سەرچاوە :میدل ئیست ئۆنلاین:2006/12/4